# نیولیبرالیزم چیە؟

ئەلیزابێت مارتینز/ئارنۆلدۆ گارسیا

و: وەلید عومەر

نیولیبرالیزم کۆمەڵێک سیاسەتی ئابورییە کە لەماوەی [٤٥] ساڵی ڕابردوودا برەوی پەیداکردووە. وێڕای ئەوەی بەدەگمەن ئەم وشەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرگوێ دەکەوێت، کەچی دەتوانیت بەئاشکرا کاریگەرییەکانی نیولیبرالیزم لێرە ببینیت، ئەویش وەک گەشەی زیاتری سامانی ساماندراران و هەژاریی هەژاران.

لیبرالیزم [ی کلاسیک] دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک بیرۆکە و باوەڕی سیاسی و ئابوری و تەنانەت دینییش. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لیبرالیزمی سیاسی ستراتیژێک بووە بۆ بەرگرتن بە ناکۆکی و ململانێی کۆمەلایەتی. لیبرالیزم وەک بژاردەیەکی پێشکەوتوو بۆ خەڵک و کرێکاران خرایەڕوو، بەراورد بە کۆنزەرڤاتیڤەکان و ڕاسترەوەکان. لیبرالیزمی ئابوری جیاوازە. ئەو سیاسەتمەدارە کۆنزەرڤاتیڤانەی کە دەڵێن لە لیبراڵەکان بێزارن(لیبراڵ بە مانا سیاسییەکەی)، ئەوا هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ لیبرالیزمی ئابوری و نیولیبرالیزمدا نیە.

پێشگری "نیو"(neo)، لە سەرەتای وشەی لیبرالیزمەوە بەو مانایە دێت کە خەریکین لەبارەی جۆرێکی نوێی لیبرالیزمەوە قسەدەکەین. ئەی باشە جۆرە کۆنەکەی چی بوو؟ قوتابخانەی لیبرالیزمی ئابوری لە ئەورووپا ناوی سەردەمانێک دەرکرد کە ئابوریناسێکی سکۆتلەندی/ئینگلیزی بەناوی ئادەم سمیسەوە، لە ساڵی ١٧٧٦دا کتێبێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی "سامانی نەتەوەکان"[١]دا. ئەو و لیبراڵەکانی تریش، داکۆکییان دەکرد لە

---

[1]. THE WEALTH OF NATIONS

هەڵوەشاندنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە پرسە ئابورییەکاندا. هیچ سنورداركردن و بەرتەسککردنەوەیەکیان لە درووستکردن و پیشەسازییدا قبوڵنەدەکرد، هیچ ڕێگرییەکان لە بازرگانیدا و هیچ گومرکێکی هاوردەشیان قبوڵنەدەکرد. ئەو دەیوت: «بازرگانیی ئازاد باشترین ڕێگایە بۆ گەشەی ئابوریی میلەتەکان». ئەو ئایدیا و بیرۆکانەی کە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵنەکردن بوو، پێیاندەوترا "لیبراڵ". ئەم بەکارهێنانەی تاکگەرایی بۆ «سەرمایەگوزاری و ڕیسکی ئابوری»، «کێبڕکێی ئازاد»، پاڵی پێوەدەنێت کە گوایا شتەکە بە مانای ئازادی دێت بۆ سەرمایەداران بەمەبەستی گەیشتن بەو سود و قازانجە گەورەیەی کە بەدوایەوە بوون.

لیبراڵیزمی ئابوری لە درێژەی دەیەی هەشتا و ساڵانی سەرەتای دەیەی نەوەددا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زاڵبوو. پاشان [قەیران و] بێبازاڕییە گەورەکەی ساڵی ١٩٣٠ بووە هۆی ئەوەی کە ئابوریناسێک بەناوی (جۆن مینارد کینز[٢])ـەوە بێت و تیۆری لیبراڵیزم وەک باشترین سیاسەت و پەیڕەوی سەرمایەداری بخاتە بەر کێشمەکێش و پیاچوونەوە. ئەو دەیوت: هەر لەبنچینەوە، کاری پڕاوپڕ شتێکی پێویستە بۆ گەشەی سەرمایەداری، ئەویش ئەوکاتە بەدەستدێت کە دەوڵەتەکان و بانکە ناوەندییەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کارکردن دەستوەردەنە ئابورییەوە. ئەم بیرۆکانە کاریگەرییەکی زۆریان خستەسەر بەرنامە نوێیە ئابورییەکەی سەرۆک ڕۆزڤێڵت [ی سەرۆکی ئەمریکا] کە ژیانی زۆرێک لە خەڵکی باشترکرد[٣]. ئەو باوەڕەی کە پێیوایە دەبێت دەوڵەت یان حکومەت بەرژەوەندییە گشتییەکان بەرەوپێشببات، بەشێوەیەکی بەرفراوان قبوڵکرا.

بەڵام قەیرانەکانی سەرمایەداران لەماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی دابەزینی بڕ و بەهای قازانج[٤]ـەکەیانەوە بۆتە هۆی ئەوەی ڕەوتێک ئیلهام لە نوخبەی کۆمپانیاکانەوە وەربگرن و دەستبدەنە هەوڵێک بۆ زیندووکردنەوەی ئابوریی لیبراڵیزم. واتە ئەو شتە درووستبکەن کە نوێ یاخود (neo)ی پێوەیە. ئێستا ئیدی لەگەڵ بەجیهانیبوونی خێرای ئابوریی سەرمایەدارییدا، نیولیبراڵیزمیش لە ئاستێکی جیهانیدا دەبینین.

پێناسەیەکی لەیادنەکراو بۆ ئەم پرۆسە [جیهانییە]، فەرماندە مارکۆز کردی؛ ئەویش ئەوکاتەی کە پشتیوانیی لە بزاڤی زاپاتیستا (کە خەباتێکی سەروناوچەیی یان سەرووهەرێمی و دژ بە نیولیبراڵیزم)دەکرد لە ئابی ١٩٩٦ لە چیاپاس: «لەڕاستیدا ئەوەی نیولیبراڵیزم پێشکەشیدەکات، گۆڕینی جیهانە بۆ مۆڵ و مەڵبەندێکی گەورە تا بتوانن لێرە هندییە سورەکانی تیا بکڕن و لەوێش ژنان و..». دەیتوانی ئەمانەشی بۆ زیادبکات: مناڵان، کۆچبەران، کرێکاران و تەنانەت کۆی وڵاتێکی وەک مەکسیکیش[ کە زێدی خەباتی زاپاتیستەکانە].

---

2. John Maynard Keynes

٣. وەک لە بەشی دواتری وتارەکەدا دەیبینین، نیولیبراڵیزم زیاتر و زیاتر کاریگەرییەکی خراپ و کوشندەی بۆ سەر ژیانی خەڵک هەبووە لە جیهاندا.لەم بارەیەشەوە سەدان وتار و کتێب نوسراون. کاریگەرییەکانیشی بۆ واقیعی خۆمان لەو پێشنیارانەدایە کە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە بۆ برەودان بە کەرتی تایبەت و قەرزی نێودەوڵەتی دەخرێتەڕوو -و

4. profit rate

## خاڵە سەرەکییەکانی نیولیبراڵیزم بریتین لە:

١) یاسای بازاڕ:
بەرەڵاکردن و بەرئاوەڵاکردنی کۆمپانیا ئازادەکان یاخود کۆمپانیا تایبەتەکان لە هەر بەرتەسککردنەوەیەک کە لەلایەن دەوڵەتەوە درووستکرابێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی دەبێتەهۆی زەرەر و زیانی کۆمەڵایەتی یان نا. ئازادی و کرانەوەی زیاتر بۆ بازرگانیی نێودەوڵەتی و سەرمایەگوزاری وەک ڕێکخراوی NAFTA، کەمکردنەوەی کرێ و هەقدەستەکان لەڕێگەی پەرشکردنەوەی کرێکاران لە یەکێتی و سەندیکاکاندا و، نەهێشتنی موچەی کرێکاران کە دوای ساڵانێک خەبات بەدەستیانهێناوە، جلەونەکردن و کۆنترۆڵنەکردنی نرخەکان و تێکرا ئازادی بۆ جووڵەی سەرمایە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. بۆ قەناعەتپێکردنمان بەوەی کە ئەم ڕوانینە شتێکی باشە، ئەوان دەڵێن: «بازاڕێکی ڕێکنەخراو[5] باشترین ڕێگایە بۆ بەرزکردنەوەی گەشەی ئابوری و دواجاریش قازانج و بەرژەوەندیی هەموان». ئەمە هاوشێوەی بەرنامەی "خستنەڕوو-ئاراستە"[6]ی ڕیگان و "تکەکردن ڕووەو خوار"[7]ی ئابوریناسەکانە، بەڵام بەو مەرجەی سەروەت و سامان زۆر ڕووەو خوارەوە[ی کۆمەڵگا] نەتکێت.

٢) بڕینی خەرجییە گشتییەکان بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وەک پەروەردە و فێرکردن و چاودێریی تەندرووستی. [کۆتاییهاتن بە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتی وەک ئاو و ئاوەڕۆ، هەڵبەستنی پرد و ڕێگاوبان، بیمەی کۆمەڵایەتی، خوێندنی خۆڕایی و خەستەخانەی گشتی و کارەبای حکومی و هتد-و].

٣) لەڕێساخستن[8] : پشتگوێخستن و بەلاوەخستنی ئەو ڕێسا و مەرسوماتە دەوڵەتییانەی کە قازانج کەمدەکەنەوە، و ئەوانەشی کە تایبەتن بە یاسا ئەمنییەکان و سەلامەتیی شوێن و ژینگەی کاریش.

٤) بەتایبەتیکردن(خەسخەسە، PRIVATIZATION): فرۆشتنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان، کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان بە سەرمایەگوزارە تایبەتەکان. ئەمەش هەریەکە لە بانکەکان، پیشەسازییە سەرەکییەکان، ڕێگای ئاسن، مزووەرگرتن و باجی ڕێگاوبان، کارەبا، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان و تەنانەت ئاوی خواردنەوەش دەگرێتەوە. گەرچی ئەم کارانە بەناوی

---

[5]. unregulated market
[6] . supply-side
[7]. trickle-down

[8]. **DEREGULATION**

بەرزکردنەوەی کیفایەت و کاراییەوە دەکرێن، کە زۆرجار پێویستیشە، بەڵام شوێنەواری بەتایبەتیکردن هەر لەبنچینەوە بریتیبووە لە چڕکردنەوەی سامانی زیاتر لە دەستی ژمارەیەکی کەمدا و  پێدانی پارەی زیاتر لەلایەن عامەی خەڵکەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

٥) هەڵگرتن و لابردنی چەمکی "بەرژەوەندی و سودی گشتی"، یان "کۆمەڵ و کۆمیونیتی" و دانانی "بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی" لەجیاتییدا.

درووستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر هەژارترین خەڵکی ناو کۆمەڵگایەک بۆدۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لەلایەن خۆیانەوە بەمەبەستی دابینکردنی چاودێریی تەندرووستی، پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و باقیی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان و پاشان بەکەمتەرخەم زانینیان لە عانی شکستدا و ناساندنیان وەک تەمەڵ و تەوەزەل.

نیولیبراڵیزم لە سەرتاپای دونیادا، لەڕێگەی دامەزراوە بەهێزەکانی وەک سندووقی نێودەوڵەتیی دراو،  و بانکی جیهانی، و بانکی گەشەپێدانی ئەنتەر-ئەمێریکانەوە سەپێنراوە. سەرتاپای ئەمریکای لاتین هاتووەتە خەشم و تووڕەیی. یەکەمین نمونەی ئاشکرا بریتییە لە نیولیبراڵیزم لەپراکتیکدا لە شیلی، ئەویش دوای پشتگیریی سی.ئای.ئەی لە کودەتا(بە سوپاسەوە لە ئابوریناسی زانکۆی شیکاگۆ میڵتۆن فریدمەن) دژ بە ڕژێمەکەی ئالندە کە هەڵبژێراوی خەڵک بوو لە ساڵی ١٩٧٣دا، کە خۆی و ئاکامەکەشی لە باقیی وڵاتانی تردا دەرخست، و بەر هەندێک لە خراپترین پاشهاتەکانی کەوتین لە مەکسیکدا.

لەو جێیەدا کە کرێ لەدوای تێپەڕینی ساڵێک لە گرێبەستی NAFTA، چل بۆ پەنجا لە سەد دابەزی، هاوکات خەرجیی ژیان و گوزەران هەشتا لەسەد گەشەیکرد و بەرزبووەوە. زیاد لە بیست هەزار کۆمپانیای بچوک و مامناوەند موفلیس و مایەپووچبوون، و زیاد لە هەزار کۆمپانیای دەوڵەتییش لە مەکسیکدا بەتایبەتیکرا. بەو جۆرەی کە یەکێک لە لێکۆڵەران وتی: «نیولیبراڵیزم بە مانای داگیرکردنەوە و کۆلۆنیالیزمی سەرنوێی ئەمریکای لاتین دێت».

 لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، نیولیبراڵیزم بەرنامە و پرۆگرامە خۆشگوزەرانییەکان لەناودەبات. هێرشدەکاتە سەر ماف و مووچەی کار(لەپاڵیشیدا هێزی کاری کۆچبەران) و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان کورت و سنورداردەکاتەوە. "پەیمان و گرێبەست"ی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی بریتییە لە نیولیبراڵیزم. پشتیوانان و لایەنگرانی [نیولیبراڵیزم]، بۆ ڕەتکردنەوەی پاراستنی منداڵان، گەنجان، ژنان و کۆی هەسارەکە خۆی، لە هەڵپە و تێکۆشاندان تاکو بەهۆی قبوڵکردنی ئەو ئایدیایەوە فریومانبدەن کە «لەپشتی منەوە دەوڵەت و حکومەت پیادەبکە». قازانجبەرانی نیولیبراڵیزم، کەمینەیەکن لە خەڵکی جیهان. نیولیبراڵیزم بۆ زۆرینەی زۆری خەڵک، دەبێتەهۆی ئێش و ئازاری زۆر زیاتر لە جاران. دەسکەوتەکەی بۆ زۆرینەی زۆری خەڵکی جیهان لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا بریتی بووە لە نەهامەتییەک بەبێ بچوکترین بەرژەوەندی: نەهامەتییەکی بێکۆتایی.

لەم دوو ماڵپەڕەوە کراوەتە کوردی:

١) http://www.aftabir.com/articles
٢) http://www.corpwatch.org/article